www.kurdistannet.org
8-7-2006 15:51 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## سڵاو لە ئەڤین پۆڵا و بوێریی لاوی کورد، تۆ بڵێی دەسەڵاتی کوردی پەڕۆیەکی لێ دادڕێت؟ ... دلێر محمد عەلی

لەماوەی ئەم چەند ساڵەی ڕابوردودا هەندێ دیاردەی زەق لەنێو کۆمەڵگەی کوردستان ڕووی داوە کە هەوێنی گۆڕانکاری مێژوویی لە دۆزی گەلی کوردا دەردەخات، ڕاپەڕینەکانی زانکۆ و پەیمانگاکانی سلێمانی و هەولێر و کەلار و ئاکرێ و خەڵکی هەڵەبجە و دوو ملیۆن ئیمزا بۆ سەربەخۆیی و ڕووبەڕوو بونەوەی ناوەندی چاک بەرامبەر بە تاوانبارانی جینۆسایدی گەلی کورد و ئێستاش پرسیارە بوێرەکەی ئەڤین پۆڵا لە جۆرج بۆش کە سەرۆکی بەهێزترین وڵاتانی دونیایە.

بەڕای من ئەمانە هەمووی دیاردەی دەنگی نەوەی تازە و ڕۆشنبیران و هۆشیارانی کوردە بۆ چۆنیەتی هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ دەرهات وپێشهاتە سیاسیەکانی کوردستان و جیهاندا، لەهەمان کاتیشدا بڕیاری گرتنی جڵەوی خەباتی سەربەخۆیی و ڕزگاری گەل و نیشتمانی کوردستانە لەدەس داگیرکەرانی کوردستان و ڕووبەڕووبونەوەی شارستانیانەیە لەگەل کۆمەڵگەیان نێودەوڵەتی و لێدانی زەنگی کۆتاییهێنانە بە کۆیلەتی گەلەکەمانە.

ئەم جۆرە کردەوانە نیشانەی بێ ئومێدبوونی کۆمەڵگەی کوردیە بەو حیزبە کوردیانەی کە لەسەر ئێسک و پروسکی قوربانیانی کارەساتەکانی ئەنفال وتەعریب و کیمیاباران و خوێنی گیانبەختانی بزوتنەوەی ڕزگاری گەلەکەمان گەیشتونەتە دەسەڵات، بەڵام دوای گەیشتنیان بەو ئاواتەیان زۆر دڕندانە ڕۆڵی داگیرکەرێکی دیکتاتۆر دەبینن و کۆپی هەمان هەڵسوکەوتی ڕژێمی داگیرکەری بەعس و ڕژێمی ئێران لە داگیرکرنی سامان و خاک و خواست و هۆشی گەلەکەمان و هەوڵی بێ ووچانی لێکترازاندنیان دەدەن، لەدای ئەوانەش گێڕانەوەیان بۆ ژێر چەپۆکی ئێراقی عەرەبی.

من داوا لەوانە دەکەم کە پۆستی سەرکردایەتیان داگیرکردوە و خۆیان بەدەمڕاستی کورد داناوە تۆزێک بیر بکەنەوە لە وەڵامی جۆرج بۆش بۆ ئەو کچە کە پێی دەڵێ (هەر نەتەوەیەک مافی بوون بە دەوڵەتی سەربەخۆی هقە ئەو مافەی بدرێتێ) مافی بوون بەدەوڵەت بەپێی پێوەری یاسای نێودەوڵەتی و ازمونی سەربەخۆیی گەلانی جیهان، هەندێ فاکتەر دەگرێتەوە کە بریتین لە خاک، گەل، زمان و کەڵتور و مێژوو و خواستی سیاسی لەقەوارەی حیزب یان بزوتنەوەیەکی سیاسی ڕەسەن کە بۆ ئەو مەبەستە هەوڵ بدات، پرسیار لەوەدایە ئایا لەو فاکتەرانە چیمان کەمە؟؟؟

لە کۆتاییدا دەڵێم بوێری ئەڤین و نمونەکانی وەک ئەڤین هەنگاوی بەتینن بەرەو سەربەخۆیی و نەهێشتنی کۆیلەیی گەلی کورد لەژێدەستی هەموو جۆرە داگیرکەر و دیکتاتۆرێک، گەلی کورد پێویستی بە زۆر کەس هەیە لە چەشنی ئەڤین.